به بۆنەی سییەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

ساڵانی گەمارۆ و قەیرانەکان: بیرەوەریم لەگەڵ «گۆڤاری ڕامان»دا

سەباح ئیسماعیل
(کەرکووک)

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بەتایبەتی دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنرا و نیمچە سەربەخۆییەکی بەدەست هێنا، تا ڕادەیەک لەژێر دەستی حکوومەتی بەعس ڕزگاری بوو، ئیدی چاپەمەنیی کوردی بەبێ سانسۆر کەوتنە دەرچوون و ڕۆژ دوای ڕۆژ کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاودەبوونەوە، هەر لەوکاتەدا کەرکووک لەڕووی چاپەمەنییەوە قاتوقڕیی تێکەوت و بە دەگمەن ڕێگەی چاپکردنی کتێبی کوردی دەدرا. لە بەغداش گۆڤارەکانی وەکوو «بەیان»، «ڕەنگین» و «هەفتەنامەی هاوکاری» لەبەر بێ نووسەریی پاشەکشێیان کرد، وایان لێهاتبوو تەنیا بۆ بڵاوبوونەوە دەردەچوون، ئەگینا نووسەری کارامە و جددی، یان ئەوەتا بەرەو کوردستان هاتنەوە، یانیش بایکۆتی ئەو بڵاوکراوانەیان کرد و زیاتر بەرهەمەکانی خۆیان لە بڵاوکراوەکانی هەرێم، بەناوی خوازراوی دیکەوە بڵاودەکردەوە، بۆیە وێڕای گەمارۆی ئابووری، گەمارۆیەکی ڕۆشنبیرییش ڕووی لە کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکانی دی کرد.

من بۆخۆم بەهۆی سەختیی سەفەرکردن و ئاستەنگ دروستبوون بۆ چوونە کوردستان، بێئاگابووم لەوەی ڕەوتی ڕۆشنبیری لە شارەکانی هەرێم بەکوێ گەیشتووە، ماوە ناماوەیەک ڕووم لە شەقامی موتەنەبیی بەغدا دەکرد، هەرچی کتێبێکی عەرەبیم بویستبایە، تەنانەت «قەدەغەکراوەکانیش» بە کۆپیکراوی بەدەستم دەکەوتن.

لە ساڵی ١٩٩٥ برادەرێک باسی «حەمەسەعید زەنگنە»ی بۆ کردم، گوتی کتێبی چاپکراوی شارەکانی کوردستانی لەلا دەست دەکەوێت، لە مەزاتخانەکەی کەرکووک کاری دەستفرۆشیی دەکرد، چوومە خزمەتی، بە ناوی ئەو برادەرەوە خۆمم پێ ناساند، دیاربوو دۆخی ئابووریی وەک زۆربەی کەرکووکییەکان باش نەبوو، پاش گەنگەشە و گفتوگۆی ئەدەبی دەستی بۆ سندووقە ئاسنینەکەی بەردەمی برد، گۆڤارێکی پێدام، ئەوە یەکەم جارم بوو بە گۆڤاری «ڕامان» ئاشنا ببم، هەر ئەو ڕۆژە وەکوو کەسێکی تینووی ڕۆشنبیریی کوردی، دەستم بە خوێندنەوەی کرد، بابەتەکانی بۆ من تابلێیی نوێ بوون، بارگاوی بە ڕۆشنبیرییەکی سەردەمییانە،

سنوورەکانی نێوان پارچەکانی کوردستانی بڕیبوو، نووسەرانی کوردستان و وڵاتانی دەرەوەشی لەسەر خوانی گۆڤارەکە کۆکردبوونەوە، بۆ بیری ئازاد دەروازەیەکی نوێ بوو، کوردییەکی پوخت و پاراو، ئەوجا نەخشەسازییەکی تایبەت.

سێ ڕۆژی نەبرد هەموو بابەتەکانیم لە بەرگەوە بۆ بەرگ خوێندەوە، ئیدی بۆم بردەوە، ژمارەیەکی دیی پێدام، تاکوو ئەو چەند ژمارەیەی لەلای بوو، هەموویانم خوێندنەوە، وام لێهات کەڵکەڵە و مەراقی بەدەستهێنانی ژمارە تازەکانی دایگرتم. من ئەوکات لە پرۆژەی بەنداوی عوزێم ئەندازیار بووم، زوو زوو هاتوچۆی بەغدام دەکرد، بەڕێکەوت ژمارە تەلەفۆنی ماڵەوەی ڕەوانشاد «محەمەدی مەلا کەریم»م دەستکەوت، پێوەندیم پێوە کرد و ناوونیشانی خۆی پێدام. چەند ڕۆژێکی نەبرد، بەتایبەتی بۆ ماڵیان ڕۆیشتم، ئەوجاری چووم «م. عەبدوڵڵا زەنگنە»ش خۆی و هاوسەری میوانی بوون.

دوای قسەوباسی هەمەلایەنە م. محەمەدی مەلا کەریم لە من ئەرخایەن بوو و زانی یەکێک لە ئاشقانی خوێندنەوەم و جار جاریش دەنووسم، دوو سێ کتێبی چاپکراوی نوێی پێشکەش کردم. زۆرم پێ خۆش بوو، بەڵام هەر کەڵکەڵەی پەیداکردنی ژمارەکانی گۆڤاری ڕامان لێم نەدەبووەوە، بۆیە بەشەرمەوە ڕووم لێی نا، ئەگەر لەلای دەست دەکەوێت، پێمخۆشە بمداتێ و بیانخوێنمەوە، ئەویش درێغیی نەکرد و گوتی، من هەموو مانگێک ژمارەی تازەیم بەدەست دەگات، برایانی دیموکرات بۆمی دەهێنن. هەڵبەت بەم قسەیە زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئەم دەرگە تازەیەم بۆ کرایەوە، ئیدی خەمی پەیداکردنی ئەو گۆڤارە ناخۆم، ئەوەبوو هەر ژمارەیەکی تازەی بۆ دەهات، بەتاسەوە دەمبرد، دەمخوێندەوە و بۆیم دەگەڕاندەوە.

ڕۆژێک برادەرێکی شۆفێری کەرکووکیم بینی گوتی سایلۆم هەیە، چیمەنتۆ بۆ هەولێر دەبەم، چیت پێویست بوو لەوێ دەتوانم بەقاچاخ بۆتی بهێنم. ڕووم لێ نا داخۆ دەتوانێت مانگانە گۆڤاری (ڕامان)م بۆ بهێنێت؟ بەڵێنی دامێ. ئەوەبوو هەموو مانگێک لەکاتی خۆیدا ژمارەی نوێی بە «دە هەزار»ی سویسری بۆ دەهێنام، کە لە وەختی گەمارۆ ئابووریەکەدا پارەیەکی کەم نەبوو. بەم شێوەیە تاکوو ساڵی ٢٠٠٣ مانگ بە مانگ ژمارەی نوێی گۆڤاری (ڕامان)م بەدەست دەگەیشت، منیش دوای خوێندنەوەی بەو نووسەرانەم دەدان کە متمانەم پێیان هەبوو، ئیدی بەم شێوەیە دەستاودەستی دەکرد. ئەوکات گەڕەکە کوردییەکانی کەرکووک زوو زوو هەڵمەتی پشکنینیان بۆ دەکرا، ئەگەر ئەو گۆڤارە بە دەستمانەوە، یان لە ماڵماندا بگیرابایە، ئەوە حسێبی بڵاوکراوەی قەدەغەکراوی بۆ دەکرا، وەکوو دەڵێن بەسەر و ماڵەوە تێدا دەچووین.

من لەودەمەوە تاکوو ئێستا بەردەوام ژمارە بە ژمارەی گۆڤاری ڕامان دەخوێنمەوە، پەیداکردنی گۆڤاری ڕامان بۆ من دەستکەوتێکی گەورە بوو، خوێندنەوەی ڕامان بەو بابەتە بەهێز و بە بژوێنانەیەوە بۆ من دنیایەکی نوێ بوو، چونکە بەدیدێکی نوێگەرانە لە ئەدەب و هونەری دەڕوانی، لەو ڕێیەوە، بەو زمانە پاراو و بابەتە دروست هەڵەچن کراوانەوە، جارێکی دی ئاشنای ئەدەبی کوردی بوومەوە و لەگەڵ ئەدەب و نووسینی کوردیدا ئاشتی کردمەوە. بێگومان بەردەوامیی گۆڤارەکە لەم ڕۆژگارە پڕ تەنگژەیە، مایەی خۆشحاڵی و زیندووڕاگرتنی ڕۆشنبیریی کوردییە، هەر ئاوەدان بێت ماڵی ڕامان.